## مەئمووریيەتی زانستی و ژاک دو مۆرگان

سەرچاوەیەکی ئوروپی سەدەی نۆزدەهەم کە باسی بۆکان و ناوچەی موکریانی کردبێت، کتێبێکە بە ناوی 'مەئمووریيەتی زانستی لە ئێران' کە 'ژاک دو مۆرگان'ی فەرەنسی نووسیویەتی و لە ساڵی ١٨٩٥ دا لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە. ژاک دو مۆرگان و هاوسەرەکەی وەک زانا و پسپۆڕی بواری زەویناسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی بەشێکی زۆری ئێرانیان کردوە و لە ئازەربایجانەوە گەیشتوونەتە موکریان، ئینجا بەرەو سنە وکرماشان رۆیشتوون و سەریان لە خوزستان دەر هێناوە. بە دریژایی رێگاش وێنە و نەقشەی چیا و رووبار و شوێنەوارە سروشتیە کانیان کێشاوە، بو نموونە، کێوی تەرەغە وئەشکەوتی سەهۆڵانی نێوان بۆکان و مەهاباد.ئامانجی سەرەکی مەئمووریيەتی مۆرگان و وەڤدی هاورێی، وێ دەچێ دۆزینەوەی نەوت ومەعدەنی ژێرزەوی بووبێت، بەڵام پێش ئەوەی فەرەنسە دەستی بەوگەنجە بە نرخەی رۆژهەڵاتی ناوین بکەوێت، بریتانیا بوو بە خاوەنی.
ژاک دو مۆرگان لە ماوەی مانەوە لە موکریان، سەردانی مەهاباد و ناوچەی مەنگوڕایەتی کردوە، پاشان بە رێگای بورهاندا گەیشتۆتە گوندی سەردەرابادی بۆکان و لەوێ بوە کە هەوالی مردنی سەردار سەیفەددین خانی پێ گەیشتوە. دواتریش چوە بۆ بۆکان و لەوێوە بەرەو باشووروراتە کوردستانی ئەردەڵان و کرماشان و ئیلام بۆتەوە.
کتێبی ژاک دو مۆرگان سەرچاوەیەکی باشی زانستییە بۆ توێژینەوە لە مێژووی کۆمەلایەتی-ئابووری- زەویننناسیی ئەو سەردەمەی بۆکان کتێبەکە، بە فەرەنسی نووسراوە و ئەوەش تایبەتمەندییەکانیەتی:

MISSION SCIENTIFIQUE
EN PERSIE
PAR J.DE MORGAN
ETUDES GEOGRAPHIQUES
Paris, Ernest Leroux Editeur
١٨٩٥

کتێبەکە، سەرجەم پێنج بەرگە و بابەتی لەمەڕ بۆکان و موکریان لە لاپەڕە ١ تا ٤٥ ی بەرگی دووهەمدا نوسراوە:

TOME SECOND
Kurdistan de Moukri
٤٥-١PP.

بەداخەوە ئەو سەچاوە گرنگە زانستی مێژووییە تائێستا وەرنەگەڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەکاتێکدا دەیتوانی لە بواری جیاجیا دا کەڵکی زۆری زانستی هەبێت. من زمانی فەڕەنسی نازانم بەڵام هیوادارم ئەم دێڕانە ببنە هۆی ئەوەی خەمخۆرێکی وڵاتەکەمان بەو ئەرکە هەستێت. نوسخەی کتێبە فەڕەنسییەکە دەبێ لە فەڕەنسە زۆر بێت و من ئامادەم کۆپی بۆ هەرکەس بیەوێت خۆ بە تەرجەمەیەوە خەریک بکات ئامادە بکەم. نوسخەیەکیشی لە کتێبخانەی قوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکانی سەر بە زانستگەی لەندەن پاریزراوە، کە لە خوارەوە تایبەتمەندییەکانی بۆ ئەوانەی لە بریتانیا دەژین ودەیانەوێت وەری بگێرن، رادەگەیێنم:

,The Library
,(School of Oriental and African Studies (SOAS
London
:Reference number

L.NT
٩١٠.٣
٢٣,١٧٤
١١٤Stack
Floor E

شایانی باسه که بەرگی دۆوهەمی کتیبەکه پیشتر وەرگەراوەته سەر زمانی فارسی و به ناوی 'جوغرٍافیای رۆژئاوای ئێران' هوه له تەورێز بڵاو کراوەتەوه. ئەوەش تایبەتمەندیی تەرجەمه فارسییەکه:

ژاک دو مورگان،
جغرافیای غرب ایران،
ترجمه دکتر کاظم ودیعی،
انتشارات چهر، تبریز

بەداخەوه ئێستا نوسخەی تەرجەمه فارسییەکەم لەبەردەستتدا نییه و ناتوانم تایبەتمەندیی لەوه ورد تری رابگەیێنم، بەڵام دەزانم له رۆژهەڵاتی کوردستان نوسخەی هەیه و منیش کاتی خۆی هەمبوو.